# سمیناری کادرانی کوردستان سەرکەوتوانە کۆتایی هات

ڕۆژی 2006/5/12 وەبەئامادەبوونی وەفدی مەکتەب سیاسی حزب، کە لەهاوڕێیان ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەب سیاسیو ئازاد ئەحمەد و زمناکۆ عزیز ئەندامانی مەکتەب سیاسی، وە بەبەشداری وەفدی مەکتەب سیاسی حزبی حکمەتیست کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان موزەفەری محمدیو ئەسەدی گوڵچینی ئەندامانی مەکتەب سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری- حکمەتیست، سمیناری کادرانی کوردستانی حزب بەڕێوەچوو، کە کادرانی حزب لەسەرجەم تەشکیلاتەکانی حزب لە کوردستان بەشداریان تیادا کرد، سەرەتای سمینارەکە بەدەقیقەیەك وەستان بۆ گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادیو سۆشیالیزم دەستی پێکرد، پاشان زمناکۆ عزیز لە ووتەیەکدا بەخێر هاتنی میوانەکانو کادرانی حزبی کردو بەرنامەی سمینارەکەی بۆ ئامادەبوان خوێندەوە.

پاشان هاوڕێ ئەمجەد غفور باسێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی" هەلومەرجی سیاسی کوردستانو نەخشەکاری حزب"، کەتیایدا تازەترین پێشهاتە سیاسیو ئاڵوگۆڕەکانی شیکردەوەو جێگەو ڕێگەی ئەحزابی ناسیونالیستی لەکۆمەڵگادا خستەڕوو، پاشان سەبارەت بە ڕێگەچارەو بەدیلەکانی حزب بۆ ئەوزاعەکە دوا، چەند خاڵێکی دیاریکرد کە کۆمیتەی ڕابەری وەك پلاتفۆرمی کاری خۆی لەکوردستان لەکۆبونەوەی خۆیدا پەسەندی بکات.

ئینجا هاوڕێ زمناکۆ عزیز باسی" نارەزایەتیە جەماوەرییەکانی کوردستان، پلاتفۆرمی حزب" پێشکەش کرد، کە کورتەیەکی لەسەر هۆکاری دروستبوونوسەرهەڵدانی نارەزایەتی جەماوەری لەکوردستان بەگشتیو لەناو لاوان بەتایبەتی ڕوونکردەوە، پاشان لەسەر خاڵی هێزو لاوازی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییە دوا، وە ڕێگەی تەقویەت کردنو دەخالەتکردن تیایاندا بەچەند برگەیەك باسکرد، کە ئەو برگانە ئەکرێنە پلاتفۆرمی کاری حزب لەناو بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەرییەکاندا. کەلەهەرکام لەم دووباسە هاوڕێیان بەشداری جدیان کرد، بە پێشنیارو سەرنجەکانو وەڵامی پرسیارەکان لە تەکمیل کردنی هەرکام لەوباسانە دەوریان گێڕا.

بەشی دووەمی مەراسیمەکەش برگەی گفتۆگۆی کادران بوو لەگەڵ ڕابەرایەتی حزب، کە لەسەر زۆرێك لە مەسەلەی جۆراوجۆری پەیوەندیدار بەحزبو سیاسەتەکانیو نەخشەکانی داهاتووی، وە چەندین باسو مەسائلی تەشکیلاتیو حزبی قسەباسیان لەسەر کرا، وەفدی مەکتەب سیاسیش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

شایەنی باسە کە وەفدی حزبی حکمەتیست لەباسەکاندا بەشداریان کردو بە پێشنیارو ووتەکانیان شۆڕوشەقی سمینارەکەیان بردەسەرەوە.

سمینارەکە یەك ڕۆژی خایاندو بەبەشداری زیاتر لە پەنجا کەس لەکادرانی تەشکیلاتەکانی هەولێرو کەرکوكو سلێمانیو گەرمیانو چەمچەماڵو ڕانیەو قەڵادزێو دیاناو ناوچەکانی تری کوردستان بەڕێوەچوو، دوایین ووتەی سمینارەکەش لەلایەن زمناکۆ عزیزەوە بوو کە جارێکیتر سوپاسی بەشداری میوانەکانی کردو هیوای خواست کەباسو مەسەلەکانی سیمنارەکە تەکانێك بدات بە وەزعیەتی حزبو کۆمەڵگا، وە ئەویشی گوت کە لە ئایندەدا ئەم جۆرە سمینارانە دووبارە ئەبنەوە.

**ڕێکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

2006/5/13